# من لێرە نارۆم

## فەخرەدین تاهیر

## بانگەوازێکە بۆ هەموو مرۆڤدۆستێك لەکوردستان و هەندەران!

### بەڕێزان

دوای تەواو کردنی خوێندنی بالاّ و وەدەست هێنـانی ماجێسـتر لـەبواری رۆژنامەوانیـدا، بەماوەیـەك دواتـر بڕیـارم دا بەیـەکجاری بگەڕێمەوە کوردستان و لەبواری پسپۆڕی خۆم دا وەك رۆژنامەنووسێکی ئازاد دەست بەکاربم.

ئەوەی شایەنی باسە نزیکەی شەش مانگە لەهەولێرم و بەژیانێکی کۆڵەمەرگی و بەبێ هیچ مانگانەیەك خۆم دەژیێنم، کەچی هەندێك لەم نوسەرە هەڵپەرستانە هەریەکێکیان سێ چوار مانگانەیان هەیە، ئەوجاش هەندێك نووسەری هەڵپەرست و کاسـەلێس و بوودەڵـە و ماستاو ساردکەرەوە چاویان بەهاتنەوەکەی من بۆ کوردستان هەڵنایێت، چەند مانگێکە لەخۆ ئامادەکردنن بۆ پـیلان گێـڕان دژ بـەمن هەر بۆ ئەوەی بێزار و هەراسان ببم و بەرەو ئەورووپا بەسەر نەکەوتوویی بگەڕێمەوە ، وەلێ مـن پـەیمانم بـەخودی خـۆم داوە(مـن لێـرە نارۆم)و ڕوو بە ڕووی هەموو جۆرە کاری ناشایستەی ئەوان ببمەوە، کە هەنوکە لەشاری هەولێردا وەك (باندێکی مافیا) کـار بـۆ ئـەوە دەکەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر چاوی خەڵکەکەدا ناشیرین بکەن و سەرەڕای ئەوەش کار بۆئەوە دەکەن سـەرتاپای خـەڵکی کوردستان ڕقی ئەستووریان لە رۆشنبیرانی راستەقینەی کورد ببێتەوە ، ئـەم بانـدە مافیایـەش گـەرایان لـەنێو وەزارەتـی رۆشـنبیری لەهەولێری پایەتەختدا داناوە و ئەم بانـدە مافیایـە بـریتین لـەجۆرە نوسـەرانێك کەهـەتا دوێنـێ لـەئاوازێکی دیکـەیان دەخوێنـد و ئێستاکەش بەقودرەتی قادر گێڕیان گۆڕیوە بەئاوازێکی دیکە دەخوێنن، بەکورت و کرمانجی هەڵپەرستی پلـە یـەکن و هـەموو کـەس باش دەیاناسێت.

لەرێکـەوتی 25-4-2005 دا وەزارەتـی رۆشـنبیری لەهـەولێری پایەتەختـدا بەرنامەیـەکی خێـراو بەپەلـەی رێکخسـت بۆیـادی 107ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی، کەگوایە منیش لەم یادەدا دەعوەت کرابووم بەلاّم مخابن بەپیلانێکی رێکخـرا و لـەرۆژی یادەکـەدا هەتا بۆیان کرا سووکایەتیان پێ کردم، دیارە منیش لێیان بێدەنگ نەبووم و لەئاکامیشدا وتـارێکم لـەژێر ناوونیشـانی(یمعـود کـردی زمانڵ)لەمـانگنامەی (بەدرخان)ی ژمارە(57)ی رۆژی یەکشەمەی رێکەوتی 22-5-2005 بلاّو کردەوە.

سەرلەبەیانی رۆژی دووشەمە رێکەوتی 29-5-2005 دا پۆلیسێك لە پۆلیسخانەی گەڕەکی خانەقای هـەولێر ئاگـاداری کردمـەوە کەوا شکایەت نامەیەکم لە پۆلیسخانەی ناوبراو لەسەر تۆمار کراوە، هەڵبەتە شـکایەت نامەیەکـە دەسـتەی نووسـەرانی مانگانـەی بەدرخانیش دەگرێتەوە. لەکاتێکدا وتارەکەی من بەرلە بلاّو بوونەوە راوێژکاری یاسایی: پارێزەر حوسامەدین یاسین سەرداری لەدەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی بەدرخان خوێندویەتیەوە، ئەوجا بڕیاری داوە لە بەدرخان بلاّو ببێتەوە.

ئەوەی شایانی باسە شکایەت نامەکەش لەلایەن کەسێك بەناوی(عومەری سەید زادە) کەلە وەزارەتـی نـاوبراو کارمەنـدە لەسـەرمانی تۆمار کردووە، هەرچەندە باش دەزانم چەندان نووسەری هەڵپەرست و بوودەڵەو کاسـەلێس لـەدوای ئـەم پیلانـە گـلاّوەدان و سـەرەڕای ئەوەش بەهاندان و پاڵپشتی وەزیری رۆشنبیریش ئەم پیلانە بەرێوە دەچێت. هەڵبەتە ئامانج لەم شکایەت نامەیەدا ئەوەیە هەتا بۆیـان بکرێت سووکایەتیم پێ بکەن و لەزیندانی مەحەتەش لەنێو دزو جەردەو مرۆڤ کوژان بەند بکرێم. سەرەڕای ئـەوەش دەروازەی ئیـبراهیم خەلیلیان ئاگادار کردۆتەوە کەمن مافی سەفەرکردم بۆسـوێد و ئـەوروپا نـەبێت و بەکوردییەکـەی دەروازەی ئیـبراهیم خـەلیلم لـەڕوو داخراوە.

بەرێزان

داوا لەهەموو مرۆڤێکی بەویژدان و مرۆڤ پەروەری کورد لەسەرانسەری جیهان و لەکوردستان دەکەم ، دژ بـەم بانـدە مافیایـەی بـەناو نووسەرو رۆشنبیرانی هەولێر هەڵوێست وەربگرن بۆ ئەوەی بتوانم لە کوردستانی ئازاد دا وەك هونەرمەندو رۆژنامەنووسێکی ئـازاد لـە

بواری پسپۆری خۆم دا بەئازادی بنووسم و کاربکەم، دیارە ناچارم دەکەن منیش شکایەت نامەیەك لەسەر وەزیری رۆشنبیری و دەستەو دائیرەکەی چ لەدادگای سوێدی چ لەدادگای هەولێر تۆماربکەم.

تکاش لەسایتە کوردییەکانی ئینتەرنێت دەکەم، پێشوازی لەبانگەوازەکەی من بکەن و هەوڵبدەن نووسەرانی کورد لەدەرەوەی وڵات بەنووسینەکانیان فشار بخەنە سەر وەزارەتی رۆشنبیری لەهەولێری پایەتەختدا، کەچیدیکە ئەوەندە مافی هونەرمەند و رۆژنامەنووسێکی ئازادی وەك من و رۆژنامەی بەدرخان پێشێل نەکرێت .

بەڕێزان

لێرەدا بەپێویستی دەزانم هەندێك لەزاناو هونەرمەندو نووسەرو شاعیر و رۆژنامەنووسی کوردی دۆستم کە هەنوکە لە ئەوروپاو ئەمریکا و کەنەدا دەژین ئاگادار بکەمەوە تکایان لێ دەکەم پشتگیری لە بانگەوازەکەم بکەن، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا، ئەم دۆستە بەڕێزانەم ئەمانەن:(د. عەبدوڵلا پەشێو، د. فازڵ جاف ، د. جەمال نەبەز ، فەرهاد شاکەلی ، ئەمجەد شاکەلی، حەمە سەعید حەسەن، نورەدینی سەعید وەیسی، ئاوڕەحمان زەنگەنە، پشکۆ نەجمەدین، بژار دیلان، کوردۆ گەلاڵی ، شوان چاوشین، قەرەنی قادری، حەمەدەمینی سیراجی،حامیدی گەوهەری، ئاراس وەلی، هیوا قادر، فەهمی کاکەیی، عەونی داودی، هیوا زەندی، عەدنان گلی، مەریوان کەمال، عادل عەبدوڵلا، شادە عومەر، تەلار هیرانی ، شەهلا کەریم، ماهیر عەلی ، میران عەلی، خەلیل بێکەس، هەرێم جاف، نەجاتی عەبدوڵلا، فەرمان جاف، مەهاباد کوردی، شوان سلێمان، هەیمان ئیحسان، ئەحمەد جەمیل، سەعدون یونس، رێڤینگ عەساف، گوشاد حەمە سەعید کۆیی، عومەر فارس بەرپرسی سایتی کوردستان نێت، کاك گۆران بەرپرسی سایتی دەنگەکان، ساقی بارزانی بەرپرسی سایتی کلاو رۆژنە و ...تاد). داوای لێبوردن لەم دۆستە بەڕێزانەش دەکەم کەبەم دەم و دەستە ناویانم لەیاد کردووە ، هەروەها داوا لەنووسەرو هونەرمەند و رۆژنامە نووسانی کوردستان دەکەم، ئەوانەی هاوسۆزییان لەگەڵ ئێمەدا هەیە هەڵوێست وەربگرن و پشتگیری لەداوا رەواکەی ئێمەدا بکەن و بێدەنگ نەبن، بۆ ئەوەی ئەو باندی مافیایەی ناوشاری هەولێر ریسوا بکرێن و ببنە پەند و عیبرەت بۆهەموو خەڵکی کوردستان.

بێگومان من وەك هاونیشتمیانیەکی سوێدی کە هەڵگری پاسەپۆرتی سوێدیم هەر ئەمڕۆ وەزارەتی دەرەوەی سوێد لەرێگای ئێمەیلەکەیانەوە ئاگادار دەکەمەوە . لەدوماهیدا دەڵێم:

بژی مرۆڤی ئازاد و بەهەڵوێست و سەر ڕاست.

بمرێ نووسەری هەڵپەرست و بوودەڵەو کاسەلێس.

بڕوخێ سامی فەتاح العزاوی وەزیری رۆشنبیری حکومەتی کوردی لەهەولێری پایەتەخت .

سەرنج: ئەگەر بەگوێرەی یاسای هەموار کراوی پەرلەمانی کوردستان بێت، نابێت کەسێك بەرەچەڵەك عارەبی العزاوی بێ پۆستی وەزارەتی حکومەتی کوردی پێ بسپێردرێت من لەداهاتوودا ئەم تەوەرە زۆر بەبەرفراوانی لەسایتی ئینتەر نێت دەوروژێنم.

هەولێر 2005/6/1

ئەمە دەقی ئەم وتارە بوو کە لە مانگنامەی بەدرخان بلاوکراوەتەوە

# یمعود کردی زماڵ

فەخرەدین تاهیر

دوای گەیشتنە ئەوروپام بەماوەیەك بیرم لەکۆکردنەوەو ئەرشیف کردنی چاپەمەنییەکانی کوردی کە لەتەواوی هەندران دەرچوو بوون و یان هەنوکەش دەردەچن کردەوەو لەدەسپێکی ساڵی(1983)دا دەستم بەکۆکردنەوەیان کرد. بێگومان بەشی زۆری تەمەنی ئاوارەییەکەشم هەر ئەوها بەهەوەنتەو بەخۆڕایی بەفیڕۆ نەدا و تەواوی ژیانی دەربەدەری خۆم تەرخان کرد بۆ خوێندن و ئەرشیف کردنی سەدان گۆڤارو رۆژنامەو بلاڤوکەکانی کەلەتەواوی هەندەران دەرچووبوون کۆمکردنەوە، بێگومان ئەمەشیان هەربەقسە خۆشە، بەلاّم چیدەکەی لەگەڵ خەڵکی نێودام و دەزگای رۆشنبیری لەهەولێری پایتەخدا کەنایانەوێت لەم کارە گرانبەهایە تێبگەن.

هەڵبەتە بەرلەوەی باسی مەهزەلەی یادی(107)ساڵی ڕۆژ نامەگەری کوردیتان بۆ بگێڕمەوە، کەلەلایان وەزارەتی رۆشنبیری لەهەولێر لەرێکەوتی 25-4-2005دا لەکۆشکی هونەر سازدرا، بەباشی دەزانم باس لەهەندێك دیاردەی دزیو و گەندەڵی ئـەم دام و دەزگایـە بخەمەروو، کەهەتا هەنوکە هیچ نووسەرو هونەرمەند و رۆژنامەنووسێکی کـورد نـەیان وێـراوە خـۆی لەقـەرەی بـدەن و بەبـەردەوامی بێدەنگیان لەهەمبەری دا هەڵبژاردووە.

ئەوەی شیاوی گوتنە کەلەهەموو دونیاشدا واباوە هەستیارترین دام و دەزگای حکومی وەزارەتی رۆشنبیری و پەروەردەیە، هەڵبەتە مـن نامەوێت لێرەدا باس لەوەزارەتی پەروەردە بکەم ئەمەیان بەجێ دەهێڵم بۆ پسـپۆڕی بـواری پـەروەردەو ئاورێـك لەکـەم و کوڕیـەکانی وەزارەتەکەی خۆیان بدەنەوە. بەلاّم ئەوەی پەیوەندی بەم نووسینەوەی منەوە هەیە، وەزارەتی رۆشنبیری یە لەهەولێری پایتـەخت، کـە مخابن ئەم وەزارەتخانەیە بەهەموو شتێك بچێت بەوەزارەت ناچێت، رێك دەڵێت مەملەکەتی قەزا قەدەرە! بێگومان ئـەوەی رێکەوتبێتـە هەر مەزاتخانەیەك هەست بەوەدەکات کەخەڵکی دزو جەردە و قوڵبڕی حەجاییبی تێدا دەبینێتەوە، کەهەتا پێیان بکرێت قوڵت لـەژێرەوە دەبڕن. وەزارەتی رۆشنبیری کت و مت لەم مەزاتخانەیە دەچێت، دەڵێیی دوانەن و بەیەك سك لەدایك بوون.

وەزارەتی رۆشنبیری بەدرێژایی مێژووی تەمەنی خـۆی نـەیتوانیوە ببێتـە وەزارەتێکـی سەرانسـەری لـە کوردسـتاندا و نەشـیتوانیوە پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتەکانی رۆشنبیری ئەوروپاو جیهان دروست بکات، ئەمەش بەومانەیە دێـت کەیەکێکـە لەوەزارەتـە خراپـەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

هەتا ئێستا دەیان کارمەندی وەزارەتی ناوبراو لەسەر گەندەڵی و دزی دەرکراون یان لەپلـەو پایـەی وەزیفـی خۆیانـدا لابـراون، ئـەوی ئاگاداری مێژووی ئەم وەزارەتە بێ، هەڵبەتە لەنزیکەوە دەزانێت ئەم کەسانەکێن، پێویست ناکات من ناویان بهێـنم، چـونکە دەبوایـە لەکاتی خۆیدا ناویان لەرۆژنامەکانی کوردستاندا بلاّو بکرابایەوە، تا بۆکەسانی دیکە ببنە پەند, ئێستاش ئەگەر بەڵگەنامەی راست و دروستم لەسەریان دەست بکەوێت ئامادەم ناویان لەسایتی ئینتەرنێت و رۆژنامەکاندا بلاّو بکەمەوە.

هەرچەند ساڵێك لەمەوبەر لە سوێد سەرۆکی پارتی چەپی سوێدی لەسەرنەدانی بڕەپارەیەك کەهەمووی نەیـدەکرد<400> چوارسـەد دۆلاری ئەمریکایی بەدام و دەزگای زەکات<زەریبە>، میدیای سوێد لێی کردە هەراو لەئاکامدا، نەك هەر داوای لێبـوردنی لەگـەلی سوێد کردو بەس، بەڵکو هەردەستی لەکاری سیاسی و پەرلەمان و هەموو ئەوکارانە کشاندەوە و دانی بەهەڵەی خۆشی هێنا و لـەماڵ بەیەکجاری ڕوونیشت.

کەچی لەولاّتی ئێمەدا، نەك کاری ئەوها ناکرێت، بەڵکو ئەگەر بەڵگە نامەشت بەدەستەوە بێت و پێـی بڵێیـت تۆگەنـدەڵی دەکـەی و دزێکی گەورەی، دەیان چەکدارت دەهێنێتە سەر، ئەوەدەمە دەبێ تۆ داوای لێبوردنی لێ بکەیت، ئەگەر نا خەڵتانی خوێنت دەکەن.

وەزارەتی رۆشنبیری داوایان لێکردم کەلەیادی(107)ساڵەی رۆژنامەگەریدا پێشانگایەك بۆ چـاپەمەنی کـوردی هەنـدەران سـازبکەم، بەلاّم دواتر بەپیلانێکی کۆمەڵێك کەسی کۆنە بەعسی و بوودەڵەو کاسەلێس و هەڵپەڕستی نێو ئەم وەزارەتە نەیانهێشـت پێشـانگاکە سازبکرێت.تاکار گەیشتە ئەوەی بەگوێرەی قسەی سەرزارەکی مەحەمەد خدر مەولود کەبە تەلەفۆن پەیوەندی پێوەکردم کـەمن بتـوانم هەڵبژاردەیەك لەسەد ناوونیشانی رۆژنامە و گۆڤار و بلاّڤوکەکانی لێرەدا نەبینراوە لـە رێگـای کۆمپیوتـەر و سـکرین نیشـان بـدەم و باسیان لێوە بکەم.

هەڵبەتە لەرۆژی یادەکەدا سەرلەبەیانیەکەی ئامادەبووم و دوای خوێندنەوەی ناوەرۆکی بەرنامەی یادەکە بـۆم دەرکـەوت کـەمن هـیچ رۆڵێکم لەم یادەدا نەدراوەتێ، هەتا کۆمپیوتەر و سکرینیشیان نەهێنا بوو، بۆئەم سەد ناونیشانانەی رۆژنامەگەری کـوردی هەنـدەران کەمن بۆم ئامادەکردبوون.

هەڵبەتە بۆئەو مەبەستە ڕووی پرسیارم لە مەحەمەد خـدر کـرد و بەکەمتەرخەمیـەوە لەوەلاّمـدا گـوتی: نـازانم..!! و خـۆی لێ دوور خستمەوە و بەسەری زمانی گۆتی: قسەلەگەڵ عومەری سەید زادە بکە ئەو دەزانێت. پرسیارم لەکوڕی سەید زادە کرد، مخابن زۆر بەبێ ئەدەبی وەلاّمی دامەوە گوتی: توکێی؟ کەئەوەی پێ گوتم چاوەکانم چووە پشتی سەرم ئەوەی هاتـە سـەرازم بـەخۆیی و وەزارەتەکـەیانم گوت و لەدرێژەی قسەکاندا پێمگوتن: ئێوە کۆمەڵێك دزو جەردەی ناو ئەو وەزارەتەن، کە گوێبیستی ئەو ئاخاوتنانەی مـن بـوو، لـێم

هاتە پێشەوەو گوتی چۆن بەمن دەڵێی دز..؟ منیش لەوەڵامدا گوتم: مـن بـەبێ بەڵگەنامـە بـەخۆڕایی کـەس ناکـەم بـەدز، بـەس ئەوەندەتان پێدەڵێم لەسەردەمی مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی بۆچی دەرکرای...؟

دوای ئەو قسانەم سەری شۆڕکرد و لەبەر چاوم بزربوو و منیش یەکسەر کۆشکی هونەرم جێهێشت و رۆیشتم. هـەردوای رۆیشـتنەکەی من کوری سەید زادە چووبووە کن وەزیری رۆشنبیری و داوای حیمایەی لێکرد بوو بۆئەوەی مـن بەقۆنداغـە کلاشـینکۆفەکان دارکـاری بکرێم و دواتریش لەزیندانی مەحەتەی قایم بکرێم. ئەم ئاخاتنانەی سەرەوە سـەلیم قـادری بەرپرسـی نوسـینگەی وەزیـر هـەمان رۆژ دەمەو ئێوارەکەی لەیانەی نووسەران بۆی گێرامەوە .

دیارە وەزیریش لەسەرخۆ پێی دەڵێت نا نا قەیناکە وازی لێبێنە..!!

من لەوەڵامی ئەم ئاخاوتنە بێ سەرو بەرانە دا دەڵێم: ئافەرین بۆ وەزیری رۆشنبیری، وادەردەکەوێت کارمەندی ناوبراو پێشتریش داوای وای لێکردبێت، ئەگەر نا چۆن بەم شێوەیە وەڵامی کارمەندەکەی دەداتەوە، ئەگەر ئەمە کلتوری بەعسیزم نەبێت، پێم بـڵێن چ جـۆرە کلتورێکە..؟ کلتوری بەعسیزم بەدرێژایی مێژووی رەشی خۆی کلتوری زەبروزەنگ و تۆقاندن و جینۆسایدی لەهەمبەر گـەلی کـوردی خۆڕاگر بەکاردەهێنا، ئێوەش واخەریکە هەمان کلتور دووبارە دەکەنەوە، ئەگەر ئێوە بەعسیش نەبووبن، بەڵام خۆدەکرێت بڵـێم مخابن کتومت لەبەعسی دەچن. چۆن یەکێکی وەك من رۆژنامەوانیم وەك زانست خوێندووەو لەیادی رۆژنامەگەری کوردیدا ، ئەگـەر رێزتـان لەکار و خەباتی ئەم هەموو ساڵەی من نەگرت، بۆدەبێ دارکاری بکرێم...؟ ئافەرین بۆخۆتان و ئـەخلاقتان..! بەراسـتی مـن قـەد لـە چاوەڕوانی ئەوەدا نەبووم، بەڵام ئەم رووداوە بۆی سەلماندم کەئەمەیان پلانێکی دارێژراوی هەندێك لەکۆنە جاش و بەعسیەکانی ناو ئەو وەزارەتخانەیەبوو، ئەگەرنا بۆچی بەبێ هیچ بییانوێك وایان کرد..! دەمەو ئێوارەکەی لەگەڵ برادەرێك چووم بۆیانـەی نوسـەران لەوێـدا چاوم بەمێزێکی دوورو درێژ کەوت کەوەزیر و بریکارەکەی و هەندێك لەنووسەری کاسەلێس و هەڵپەرست و بوودەڵە خەریکی خـواردن و خواردنەوە بوون و هەرئەم ئێوارەیە سەدان هەزاردیناریان لەعارەق خواردنەوە سەرف کرد و کەچی بەمنیشیان دەگوت پێشـانگایەکت پارەی زۆری گەرەکە... لەوێدا لەچاوەڕوانی ئەوەدابوون و وامدەزانی ئەوەندە مرۆڤی لێبوردەن و دێن و داوای لێبـوردنم لێ دەکـەن..! بەڵام دواتر هەتا بۆیان کرا خواردیانەوە و لە سیمای دەموچاویاندا دەرکەوت بەرامبەر بەمن زۆر سەرشۆڕن هەربەسـەر شـۆڕیش دواتـر یانەی نوسەرانیان بەجێهێشت.

سەیرکەن لەکوردستان بەدبەختەکەی لەمەڕئێمەدا چ مەهزەلەیەکە هەیە...!!!

وەزیری ئێستای رۆشنبیری هەنوکە لەشەقامی هەولێر وەك وەزیری الاحتفالات ناوزەدکراوە، خـەڵك ئێسـتا پێیـدەڵێن هـەر ئەوکەسـە بووکە ئەوەدەمەی لە لەندەن دەژیا و لە حزبێکی دیکـە دا کاربەدەسـت بوو،بەنووسـینەکانی لـە رۆژنامـە عارەبیـەکانی لـە لەنـدەن دەردەچوون، جنێو و سووکایەتی بەم حیزبە دەدا کەهەنوکە پۆستی وەزیری رۆشنبیری پێ سپاردووە،لە وتـار خوێندنەوەکانیـدا ئەوەنـدە پاندەکاتەوە و ماستاو سارد دەکاتەوە، ئەگەر ئەمە دووڕوویی و هەڵپەرستی نەبێت چ مانایەك دەگەیەنێ..؟

لەساڵی(1999)دا هونەرمەندێکی کورد لە ئەوروپاوە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری لە هەولێر بانگهێشـت کـرا، دوای گەڕانـەوەی بـۆ ئەوروپا، برادەرێکی نوسەری هونەرمەندی ناوبراو کەگوایە(35)ساڵە برادەری نزیکیەتی لەوەزارەتی رۆشنبیری بـەهۆی دزەگـەورەکانی وەزارەتی ناوبراو بە فرتو فێڵ و گەندەڵی((16200)شانزەهەزار و دووسەد دیناری سویسری بۆخۆی وەرگرتبوو، بەمـەرجێك ئـەو بـرا هونەرمەندەمان ئاگای لەو کەین و بەینە نەبوو، هەتا ئـەو شـوێنەی مـن ئاگـادارم، ئـەم گەندەڵیـە لـەنێوان دەیـان و هونەرمەنـد و نوسەرانی هەولێر باس دەکرێت و دەزانینیش کەکێ ئەو بڕە پارەییەی بۆخۆی وەرگرتووە، ئەگـەر لـەداهاتوودا پێویسـتی کـرد ناوەکـان ئاشکرا دەکەم. باشە ئەگەر ئەوە گەندەڵی و دزی نەبێت، ئەی چ ناوێکی لێ دەنێن..؟

لەهاوینی ساڵی(2000)دا لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری لەهەولێر بـۆ سـازدانی پێشـانگای بزاڤـی رۆژنامەگـەری کـوردی هەنـدەران بانگهێشت کرام. پێشانگایەکە دوای دەیان بەربەست و ئاستەنگ بە پارەی گیرفانی خۆم کرایەوە، بریکاری وەزیر زۆری هەوڵدا تاوەکو ئەو(4000)چوار هەزار دینارە سویسریەم بـۆ بگەڕێنێتـەوە کـەخۆم لـەگیرفانی خـۆم سـەرفم کردبـوو، بەهـەرحاڵ دوای دوومـانگ چاوەڕوانی(2145) دووهەزارو سەدو چل و پێنج هەزاردینارم بۆ گەڕایەوە، بریکاری وەزیری رۆشنبیری پێی گوتم: من هەوڵتان بۆدەدەم پاشماوەکەشتان بۆ بگەڕێنمەوە، مخابن تا نووسینی ئەم چەند دێرە پاشماوەی پارەکەم بۆ نەگەڕاندایەوە و هەروەسا بڕیاربوو پارەی بلیتـی

چوون و هاتنم مەسروفاتی ڕێگاو بانم کەلە سوێدەوە هاتبووەمەوە، جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری ئەوسا بۆم سەرف بکات، کە دەیکرد(1500) هەزارو پێجسەد دۆلاری ئەمریکایی، ئێستا و ئێستای لەگەڵ دابێ ئەم بڕە پارەیەشم بۆ نەگەڕایەوە، بەکوردییەکەی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەهەولێری پایەتەخت (1855) هەزار و هەشسەد و پەنجاو پێنج دیناری و(1500) هەزارو پێنجسەد دۆلاری ئەمریکایی من قەرزارن ، ئەوجا ئەگەر خوای گەورە بزانێت ئەو بڕە پارەییەی منیش کێ قووتیدا..؟

دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەماوەیەك دواتر، مۆدیلی دەعوەت و دەعوەتکاری لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری لەهەولێر دەستی پێکرد، جارێ لەدەسپێکدا تا ئەو ساڵانەی دواییش باوی دەعوەت کردنی نووسەرانی عارەبی دەرەوەی کوردستان بوو، کە بەشی زۆری ئەو نووسەرە عارەبانەی دەرەوەی کوردستان ئەوەی بڕوایان پێ نەبوو ئازادی کوردستان یان سەربەخۆیی کوردستان بوو. بەشێکی زۆری ئەو نووسەر شۆڤێنیانەی عارەب کەلە لەندەنی پایەتەختی بەریتانیا دەژین، لەکۆڕو کۆبونەوەکانیاندا سووکایەتی و جنێودان بەمێژوو خەباتی سیاسی کوردو کوردستان بوو، هەندەی پێنە چوو لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەولێر پایەتەختدا بانگهێشت کران، دوای خواردن و خواردنەوەیان سەرەڕای مەسروفاتێکی زۆر و زەبەندی مانەوەیان لەکوردستان، ئەوجاش گیرفانیان تژی کرا لە چەند دەفتەرە دۆلارێك، کەچی لەگەڕانەوەیاندا بۆ ئەوروپا لەجیاتی ڕێزلێنان لەکورد و کوردستان و ئەزموونە مەزنەکەی کەلەهەمووو ڕۆژهەڵاتی نێوەراستدا بێ وێنەیە، کەچی کەوتنەوە جێنودان و سووکایەتی کردن بە خوێنی شەهیدانی ئەم نەتەوە خۆڕاگرە.

ئەوەی شیاوی باسە کوڕە خاڵۆزایەکەم کە دەمێکە لە لەندەن دەژیت، جارێکیان بەتەلەفۆن بۆی گێڕامەوە کەلە کۆڕێکی ئەونووسەرە عارەبانەی سەردانی کوردستانیان کردبوو ئامادەببوو، لەم کۆڕەدا جارێکی دیکە کەوتبوونە جنێودان و سووکایەتی پێکردنی گەلی کورد کەگوایە دەیانەوێت عێراقی عارەبی پارچە پارچە بکەن، ئەمەو چەندان قسەی بێ سەر و بەر لەوکۆڕە دا دێتە گۆڕێ . کوڕە خاڵۆزایەکەم لەدرێژەی ئاخاوتنەکەیدا بۆی گێڕامەوەو گوتی: لێیان هاتمە وەڵام و پێمگوتن: سەردانی کوردستانتان کرد، مخابن عەقڵییەتان هەر نەگۆڕاوە، هەرچەندە پێشتریش عەقڵییەت و بیرکردنەوەتان دەربارەی کورد و دۆزە ڕەواکەی هەر ئەوهابووە، کوو شەرمتان نەکرد دەعوەتنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستانتان قبوڵکرد...؟

خاڵۆزایەکەم لەدوا ئاخافتنیدا ووتی: مخابن زۆر بێ شەرمانە بەشێوەیەکی بازاڕی وەڵامیان دامەوەو گوتیان

(یعود کردی زماڵ)...!!!

هەولێر 2-5-2005